# چاوپیکەوتن لەگەڵ فاتح شیخ

## *دەربارەي ريفراندؤم وسەربەخؤيي كوردستاني عيراق*

*محمد غفور*　　*لةفارسييةوة وةريطيراوة*

*اسماعيل ويسي:* فاتح شيخ،مەسەلەی ریفراندۆم لەکوردستانی عیراق یەکیکە لەمەسەلە گەرمەکان.هەر لەمبارەوە ماوەیەك بەرلەئیستا لەلەندەن کۆنفرانسیك بەسرا وئیوە یەکیك بوون لەووتاربیژە ئەصلییەکانی. ئامانجی کۆنفرانس چی بوو؟ بەچ ئاکامیك گەیشتن؟

*فاتح شيخ:* وایە،ریفراندۆم وسەربەخۆیی لەکوردستانی عیراق،بەتایبەتی لەمانگەکانی دواییدا بۆتە مەسەلەیەکی گەرموگور.حیزب ورەوتە سیاسییە جیاوازەکان(چەپ وراست) هەموویان بەدیدگا وئامانجی جیاوازیانەوە لەم مەسەلەیەدا دەخالەت دەکەن یا بۆ بەسەرەنجامگەیاندنی یاخود بۆ بەبنبەستکیشانی.بەڵام بەدەر لەوەی کەحیزبەکان دەیانەوێ،ئەمە یەك پیویستی سیاسییە کەبەرەنجامی واقعییەتی میژوویی ئەو کۆمەلگایەیە،بارودۆخی سیاسی ئیستاشی لەگەلدابیت.مەبەست لەواقعییەتی میژوویی بوونی مەسەلەی کوردە وەکو یەك مەسەلەی میللی چارەسەرنەکراو لەعیراقدا کەچەندین دەیەی رابردووی خویناوی خستۆتە پشتی سەریەوە.بارودۆخی سیاسی دیاریکراویش،کەبەتایبەت ئاکامی رەوتی تائیسای میژووی کۆمەلگایە لە14سالی رابردوودا،لەگەڵ جەنگی ئەمریکا وداگیرکردنی عیراقدا پیی ناوەتە قۆناغیکی بەتەواوی نوێ وجددی وهەستیارەوە.

جیگاوشوینی ئەمرۆی عیراق نەك هەر چارەسەری مەسەلەی کوردی کردۆتە <u>پیویستییەك</u>، بەلکو(وە من ئەمەم لەچەندین ووتاری ئەم دواییانەمدا ووتووە) سەرباری پیویستی ومەتلوبیەتی چارەسەری ئەم مەسەلەیە، <u>ئیمکانی</u> سیاسی وعملی جیبەجیبوونی لەریگای ریفراندۆمەوە لەهەر برگەیەکی رابردوو زیاترکردووە. بەبروای من دەروازەیەك کەبەشوین لەبەینچوونی رژیمی بەعسدا بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد لەعیراقدا کراوەتەوە،هەتا ئەم مەسەلەیەی تیدا چارەسەرنەبیت بەکراوەیی ئەمینیتەوە. کەمدەردیسەرترین ریگا ریفراندۆمە کەئەگەری جیبەجیبوونی زۆرە،بەڵام نویبوونەوەی دەردیسەری ومەینەتییەکانیش، بەتایبەت بەهۆی دەسەڵاتپەیداکردنی رەوتە ئیسلامییەکان وشۆڤینیزمی قەومی عەرەبییەوە ئەگەریکی جددی وترسناکە.

ئیستا،لەحیزب ورەوتە سیاسییەکانی کوردستان وعیراقەوە بگرە،تائەمریکا وهاوپەیمانانی،تادەولەتانی ناوچەکە وبەتایبەت دەولەتانی دراوسیی دەرگیر لەگەڵ مەسەلەی کورد،لەیەك قسەدا هەموو ئەکتەرە دەخیلەکان لەمەیدانی سیاسەتی عیراقدا لەگەڵ ئەم مەسەلەیە وئەم پیویستییە بەرەروون وهەریەکەیان، تەنانەت ئەوانەش کەدان بەم مەسەلەیەدا نانین،بەشیوەیەك خەریکن وەڵامی پێ دەدەنەوە.هەندێ بەرەوپیشی دەبەن وهەندیکی دیکە هەولەدەن بۆدواوە بیگەریننەوە.

جەمسەریکی چالاك لەهەولدایە کەئەم مەسەلەیە بەسەرەنجام بگەیەنیت.سەرەنجامیش بەواتای وەڵامدانەوەیە بەم پیویستییە سیاسییە،بەمانای تیکۆشان نەك هەر لەپیناوی سەپاندنی ریفراندۆم بەسەر ئەمریکا، ودەولەتی عیراق ودوو حیزبی دەسەڵاتداری کوردستاندا،بەلکو بۆ رازیکردنی زوربەی خەلکی کوردستان بەمەی کەلەریفراندۆمدا دەنگ بەجیابوونەوە بدەن. لەروانگەی ئەم جەمسەرەوە،ئەمە ریگاچارەی عادلانە، ئازادیخوازانە وچارەسازی مەسەلەی کوردە کەلەماوەی چەندین دەیەدا، لەگەڵ جەنگ وکوشتار وکاولکاری ودەربەدەریدا،کیویك مالویرانی تحملنەکراوی پیشهیناوە وهەتا ئەمرۆش بەچارەسەرنەکراوی ماوەتەوە. حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق لەرەئسی ئەم جەسەرەدا وەستاوە کەنزیك بەیەك دەیە لەپیناوی ئەم ئامانجەدا تەبلیغی کردووە وئیستاش لیبراوانە ورۆشن دەستی لەکاردایە بۆگەیشتن بەریگا سیاسی وعملییەکانی جیبەجیکردنی ئەم ئامانجە وسەرگەرمی راکیشانی هیزی کۆمەڵایەتی وجەماوەریە بۆیان. کۆنفرانسی لەندەن لەدیسەمبەردا وکۆنفرانسی هەفتەی پیشوو لەسلیمانی،بەشیك بوون لەوکارە تەبلیغی وئامادەکاریانەی ئەم جەمسەرە،ولەلایەن "کەمپینی ریفراندۆم"ەوە سازکران،کەکاردانەوەی فراوانی هەبوو وەئاکامی باشیشی دابەدەستەوە.بەداخەوە من لەکۆنفرانسی سلیمانی نەبووم،سەرەتا بریاربوو لەنۆڤەمبەردا سازبکریت(کاتیك کەمن لەعیراق بووم)،خرایە دواوە.بەڵام لەکۆنفرانسی لەندەن ئامادەبووم ولەسەر هەر ئەم خاڵانەی سەرەوە تەئکیدم کردەوە. هەربەوجۆرەش لەسەر پیویستی ریکخراویکی جەماوەری بۆ یەکگرتوو کردن ورابەریکردن وبەسەرکەوتنگەیاندنی بزووتنەوەیەکی فراوان کەهەرئیستا لەپیناوی ریفراندۆم وسەربەخۆییدا لەکوردستانی عیراق بەرێ کەوتووە پیمداگرت.

جەمسەریکی تر وەهەلبەت بەهیزتر، بەشیوەیەکی گشتی لەگەڵ ریگاچارەی ریفراندۆم وبیگومان لەگەڵ سەربەخۆییشدا موخالیفە: ئەم جەمسەرە لەکوردستانی عیراقدا هەردوو حیزبی دەسەلاتدار ولەئاستی سەراسەریشدا حیزب ورەوتە قەومی وئیسلامییەکانی شەریك لە "حکومەتی کاتیدا" دەگریتەوە،کەئەم رۆژانە دەرگیری کەمپینی "هەلبژاردن"ن بۆ"شەرعیەت"پیدان بەدەستەودایەرەی سەرووکۆنەپەرستی حکومەتیان وسەرکوتیان.

لەم نیوەدا بریك هیزی پەراکەندەی سەربە بزووتنەوەی میللی لەناوەوە ودەرەوەی کوردستان هەم بۆ ریفراندۆم(وتەنانەت بۆ جیابوونەوەی کوردستانیش) هەولیانداوە وژمارەیەکی زور (زیاتر له1،700ملیۆن) ئیمزایان کۆکردۆتەوە ولەم دواییەشدا CDئیمزاکانیان داوەتە جیگری سکرتیری ریکخراوی نەتەوەکان لەنیۆیۆرك وکۆمیسیۆنی ماق مرۆڤی ئەم ریکخراوە لەژنیف.بەلام کارکردی ئەم هیزانە،لەوانەش چوونیان بۆ پشتی مەسخەرەی "هەلبژاردن"کەبێ ئەملاولا لەگەڵ هەرجۆرە ریفراندۆم ومافیکی خەلکی کوردستاندا بۆ دیاریکردنی ئایندەی سیاسیان ناکۆکە،بەئاشکرا هاواردەکەن کەئامانجیان لەم حەرەکەتەیان پشتیوانیکردنە لەجیگاوشوینی ئەحزابی دەسەلاتداری کوردستان لەمامەلە وکیشمەکیشیان لەگەڵ هیزەکانی شەریکیان لە"حکومەتی مەرکەزیدا"لەپشتی سەری خەلکی کوردستانەوە بۆ بەشی زیاتر لەدەسەلات لەتەرتیباتیکی فیدرالیدا، نەك بەراستی ریفراندۆم وجیایی کوردستان.

*اسماعیل وەیسی:* ئیوە وەکو سەرۆکی وەفدی حیزبی حکمەتیست لەپلینۆمی 15کۆمیتە ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقدا بەشداربوون،ومەسەلەی ریفراندۆمیش لەویدا باسکرا،باس وتەسمیمگیریتان سەبارەت بەکام تەرحی دیاریکراو بوو بۆ بردنەپیشەوەی ریفراندۆم؟
*فاتح شیخ:* لەپلینۆمی 15کۆمیتە ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق وکۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسی پیش وپاش پلینۆمدا(کەمنیش شانسی ئامادەبوونم هەبوو تیایاندا)،تەرحیکی دیاریکراو لەمبارەیەوە قسەوباسی لەسەرکرا.تەرحی بەریخستنی ریکخراویکی سیاسی جەماوەری بەناونیشانی "کۆنگرەی ریفراندۆم وسەربەخۆیی کوردستان".ئەم تەرحە لەتەنیشت تەرحی ریکخراویکی دیکەوە لەئاستی عیراقدا لەپیناوی ئازادکردنی عیراق لەداگیرکردن وگیرانەوەی مەدەنییەت بۆی،دوو باسی ئەصلی وگرنگی پلینۆم ومەکتەبی سیاسی بوون،وحیزبی ئیمە لەعیراق هەر ئیستا سەرگەرمی جیبەجیکردنیانە.

تائەو شوینە کەدەگەریتەوە سەر تەرحی ریکخراویك بۆ بەئەنجامگەیاندنی ریفراندۆم وسەربەخۆیی کوردستان، داهینانی تەرحەکە ئەگەریتەوە بۆ حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق.بەلام ئەم ریکخراوە بەشوین دەورەیەك لەهەلسوورانیدا،زیاتر پشتی بەستبوو بەپیکهاتەی خۆی،ورابەرایەتیشی هەلبژیردراوی کۆبوونەوەکانی خۆی بوون.کاروچالاکی ئەم ریکخراوە، یەکگرتووکردن ورابەیکردنی جەماوەریکی هەرچی فراوانتری خەلکی کوردستانە لەخەباتیکی هەمەلایەنەی جەماوەریدا بۆ بەئەنجامگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان لەریگای یەك ریفراندۆمی ئازادەوە لەناوچە کوردنشینەکانی عیراقدا.ئامانج پیکهینانی دەولەتیکی نەقەومی نەدینییە لەم ناوچەیەدا.هیلەگشتییەکانی ریگاکانی گەیشتن بەم ئامانجە،چلەکوردستان وچلەدەرەوە، باسکران.کارە سەرەتاییەکانی پیکهینانی ئەم ریکخراوە کەبەدوای پلینۆمدا دەستپیکردووە، سەرکەتووانە چوونەتەپیشەوە وچاوەرواندەکریت لەمرۆژانەدا پیکهاتنەکەی رابگەیەنریت.

*اسماعیل وەیسی:* ئاسۆی مەسەلەی ریفراندۆم چۆن دەبینی؟گرنگترین کۆسپ وتەگەرەکانی بەرپیی عملیبوونەوەی کامانەن؟
*فاتح شیخ:* ریفراندۆم ئاسۆیەکی روونی هەیە،هەلبەتە وەکو هەر ئامانجیکی سیاسی دیکە جیبەجیبوونەکەی لەگرەوی پراتیکی فەردی وبەکۆمەلی ئەو ئینسانانەدایە کەبروایان بەعملیبوونی هەیە وهیزوتوانای پیویستی بۆدائەنین.روونیی ئاسۆی ریفراندۆم لەکوردستانی عیراقدا بەتەنها پەیوەست نییە بەهەقانییەت وعادلانەبوون وئازادیخوازبوونییەوە،بیگومان ئەمانە کۆمەکی باشیان کردووە بەراکیشانی هیزی ئینسانە شەریف وئازادیخوازەکان بۆ ریگاچارەی ریفراندۆم ودەشیکەن.خاصیەت وتایبەتمەندی ئەصلی ریفراندۆم، بەواتای گەرانەوەیە بۆ رای خودی خەلکی ستەمدیدە بەدەست مەسەلەی میللیی و زەربەخواردووی دەستی مەینەتییەکانییەوە،لەگۆشەی ئینسانییەوە دەسبردنە بۆ رەگوریشەی گرفتەکە ولەگۆشەی سیاسیشەوە زەمانەتی بەرگرتنە بەساتوسەودای ئەحزابی ناسیونالیست لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا لەپشتی سەری خەلکەوە، لەهەمان کاتیشدا ئەلتەرناتیڤیکی رۆشنە لەبەرامبەر تەرحە بەیناوبەینییەکانی خودموختاری وفیدرالیزم وئەوانی تردا کەکارکردیان ئەبەدیکردنی قەلشت وتەفرقەیە لەنیوان ئینسانەکاندا.

ئاسۆی روونی ریفراندۆم لەکوردستان لەم برگەیەدا،سەرباری ئەو تایبەتمەندیانەی دەسنیشانکران، ئەگەریتەوە بۆ ئەم راستییە سیاسییە کەهەموو ئەو ریگاسوننەتیانەی کەلەلایەن دەولەتە شۆڤینیستە قەومی عەرەبییە عیراقییەکان وئەحزابی ناسیونالیستی کوردەوە ئەخرانە بەردەم ئەم گرفتە

بەبنبەست گەیشتوون. بنبەستی خودموختاری وفیدرالیزم لەلایەکەوە وبنبەستی ئیلحاقی ئیجباری لەلایەکی ترەوە لەتایبەتمەندییە سیاسییەکانی عیراقی ئەمرۆیە لەپەیوەست بەمەسەلەی کوردەوە.بەرەنجامی ئەم دوو بنبەستە،دریژەی تیکەلبوونەوەی چارەنووسی سیاسی خەلکی کوردستانی عیراق نییە،ریگایەکی سیهەم لەکوردستانی عیراقدا هەیە: سەربەخۆیی لەریگای ریفرانۆمەوە ! لەبەرامبەر بنبەستی تەرحە شۆڤینیستی وکۆنەپەرستانەکاندا، ریفراندۆم وسەربەخۆیی یەك ریگاچارەی واقعی ویەك پیویستی سیاسییە کەخەلکی کوردستانی عیراق بەرادەیەکی بەرچاو پیی ئاشنابوون. خەلکی کوردستان 14سالە بەشیوەیەکی دیفاکتۆ لەعیراق جیابوون، ئیستا لەساتوسەودایەکی دژی خەلکی ورەزیلانەدا،لەنیوان رەوتە ئیسلامی وشۆڤینیستە عەرەبەکان وحیزبە دەسەلاتدارەکانی کوردستاندا بریارە لەریگای "هەلبژاردن"ەوە جاریکی دیکە بکیشرینەوە بۆناو ئیلحاقی ئیجبارییەوە،بەبێ ئەوەی پرسیکیان پیکرابیت! بەم هۆیانەوە، هەرئیستا بزووتنەوەیەکی بەرفراون لەکوردستانی عیراق بەلایەنگری لەریفراندۆم بەریکەوتووە،کەهەردوو حیزبی دەسەلاتدار ولایەنگرانیان "لەبزووتنەوەی ریفراندۆم"دا هەولەدەن بەلاریدا بەرن،وبیخەنە خزمەتی ساتوسەودایەکی دیکەوە لەگەڵ تەرتیباتی مەرکەزیدا دوای "هەلبژاردن".بەلام ئەم هەوڵو پیلانگیرییە هەرلەئیستاوە رۆشنە کەبە شوینیك ناگات.لەجیگەیدا بزووتنەوەیەکی فراوانی خەلکی لەپیناوی ریفراندۆم وسەربەخۆییدا هەیە،کەخاوەنی خەت وئامانجی رۆشنی سیاسییە ویەکیتی ریزەکانیی ورابەرایەتییەکی ناسراوی هەیە ولەپشتیوانەیەکی بیرورای گشتی جیهانی شارستانی وئازادیخوازانە بەهرەمەندە،کەهەموو پیکەوە لەگەڵ هەوڵ وتیکۆشانی پیویستدا، ئەتوانیت بەرفراوانبیتەوە وبەسەرکەوتن بگات. گرنگترین تەگەرەکان،رەتە ئیسلامی وشۆڤینسیستە قەومی عەرببیەکانی شەریك لە"دەولەتی کاتی"داو هەروەها ئەحزابی دەسەلاتداری کوردستانن کەبۆ خەلکی سیاسی وبەئاگا وئازادیخوازی کوردستان بەرادەیەکی زۆر ناسراون.

بەلام هیشتا بۆ بەرەوپیشەوەبردنی ئەم کارە چلەکوردستانی عیراق وچلەدەرەوە،واتە بەکردەوە لەوولاتانی رۆژئاواییدا،کاری زۆر هەن دەبێ ئەنجامبدرین.ئەمە یەکیکە لەو توندپیچانەی کە حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق دەرگیریانە.وەئاشکرایە کەحیزبی حکمەتیست لەم توندپیچەشدا وەکو ئەوانی دیکەش بەهەموو توانایەوە لەکەناری حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقەوە راوەستاوە.

*تیبینی: ئەم چاوپیکەوتنە لەبلاوکراوەی ئۆکتۆبەر ژمارە 103دا بلاوکراوەتەوە.